The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# بەياننامەی كەمپينی "بەهاناوە هاتنی بەپەلەی بريندارانی چەكی كيمياوی" لە هەڵەبجە



**بۆ ڕای گشتی جەماوەری كوردستان**

بەداخەوە ئێمە ناوبەوناو لەخەمی كەمكردنەوەی ئازارەكانی ئەو ژمارە ئینسانەی لێرە لە "هەڵەبجە" بەدەست ئازاری بریندار بوونی چەكی كیمیاویەوە ئەناڵێنن، هاوار دەكەین‌و لەڕێی یاداشت‌و داواكاری لە بەرپرسانی كوردستان‌و عێراق دەكەین بێنە هانای ئەو ژمارە مرۆڤەوە كەبەردەوام ژیانیان لەمەترسیدایەوە وەك "ئاوو نان سێ ژەمە دەواو دەرماندەخۆن"، دواتر حكومەت‌و بەرپرسان كەمێك دێنەجوڵەو كاری كەمپینەكەمان رادەگرین بێ ئەوەی بە ڕیشەیی بیر لە چارەی ئەم ئازارانە بكرێتەوە.

كەمپینەكەمان مانگی ( 5 ) ی ئەمساڵ پاش ئەوەی ژیانی یەكێك لە بریداران بە تەواوی كەوتە مەترسیەوە دەستی بەكار كردووەو تائێستا چاودێری وردی بەدەمەوە هاتنی بەرپرسان بۆ ئەم دۆخە دەكات، ئەوەی دەیبینین لەئاستی پێویستدا نیەو تەنها بردنە دەرەوەی بریندارانە بۆ تارانی پایتەختی ئێران "كە بەگوتەی خودی بەركەوتوان‌و ئازار چەشتوان، ئەمە بۆ هەندێكیان وەك فریا كەوتنی سەرەتایی وایە" بۆ یە ئێمە ئێستا لێرەوە داوا لە هەموو خەمخۆران دەكەین ئەوانەی بەجدی ئەم بابەتەیان مەبەستە بێنە هاواری ئەم نەخۆشانەو "رێ لەوە بگیرێت بەردەوام ژیانیان روەو خراپی بڕوات‌و رۆژبەرۆژ شەهید بدەن"

ئەمڕۆ ژیانی کامیل عبدالقادر وەیس روەو خراپی ڕۆیشتووە، کە ئێمە لەوساتەوە دەستبەکار بوون کـەژینی کەوتـە مەترسەوە، ئێستا جارێکی دی پزیشکەکانی ڕاپۆرتی خراپ بـوونی ژیـانی پێـداوە، "ئەگەرچـی سـەرۆکایەتی هـەرێم بڕیاری دا ئەم نەخۆشە رەوانەی دەرەوە بکات دوای ئەوەی سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام ئێستا ئـەم دامەزراوەیـە بـە کامیلیان ڕاگەیاندووە کە بەڵێنیان نەداوە بەڵکە تەنها وتویانە هەوڵدەدەینو لەهەوڵ بەردەوامین...!!!"

لەچەندرۆژی رابردوودا سەرۆکی هەرێم بـۆ ماوەیـەك دیـار نـەما پـاش گەرانـەوەی بـۆ خـوێی وتـی "بـۆ چارەسـەری دانەکانم سەردانی پزیشکەکانم کردووە لە نەمسا؟" ئێمە وێرای هیوای تەندروستیەکی بـاش بـۆ سـەرۆك دەخـوازین، بەڵام دەپرسین ئاخۆ کەسێکی وەك کامیل کە ساڵانێکە دەناڵێنێتو چەندین مانگـە هـەوڵ دەدرێـت بنرێتـە دەرەوە بەبەهانەی نەبوونی فیزا تائیستا نـەبراوە، وەك سـەرۆك مـافی نیـە لـەدەرەوە کەتـەنهاش لـەوێ چارەسـەری هەیـە چارەسەر بکرێت لەکاتێکدا بەڕوداوی قوربانیدان بۆ نیشتیمان دوچاری ئەو دەردە بووە.

بۆیە جارێکی دی داوا دەکەین بەرپرسان بێن بەدەم بەرکەوتوانی چـەکی کیمیـاوی هەڵەبجـەوەو، داوامـان لەهـەموو ڕێکخـراوە مرۆیـە جیهـانیو کوردسـتانیەکانە کـە لـەم رووەوە کارێکیـان پێـدەکرێت دەسـتمان بگـرنو لەخـەمی هەڵەبجەدابن.

**درود بۆ ڕۆحی شەهیدانی هەڵەبجە...**

**کەمپینی "بەهاناوە هاتنی بەپەلەی بریندارانی چەکی کیمیاوی" لە هەڵەبجە**

**کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی "چاك"**

**ئۆفیسی هەڵەبجەی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ D.H.R.D**

**2007/12/12ی زاینی**

**بەرامبەر بە**

**21 ی سەرماوەرزی 2707 کوردی**

**chak_halabja@yahoo.com**
**www.chak.be**